# هەزاران کەس لە 113 شاری گەورەی جیهاندا دژ بە بەردەبارانکردن و لە سێدارەدان،

# خۆپیشاندان و کۆبونەوەی نارەزایەتیان ئەنجامدا!

**ئامادەکردنی ریپۆرتاژ: هیوا ئەحمەد**

**کەمپینی 100 شار دژ بە بەردەباران و لە سێدارەدان، کە بە پێشنیار و سەرپەرشتی مینا ئەحەدی بەرپرسی کۆمیتەکانی دژ بە بەردەباران و سزای لە سێدارەدان و مەریەم نەمازی قسەکەری ئیران سۆلیدارتی و ماریا روهالی ریکخەری میشن فری ئیران، ماوەی زیاتر لە سێ هەفتەیە بەریخراوە، دوێنێ 28 ئابی 2010 بە بەشداری هەزاران کەس لە بەرەی ئازادیخوازی دنیا لە 113 شاری گەورەی 34 وولاتی جیهاندا بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان و کۆبونەوە و وتاردان و ئیمزا کردن و بەرزکردنەوەی چەندین پۆستەرو شیعار، نارەزایەتی خۆیان نیشاندا دژ بە سزای بەردەبارانکردن و لە سێدارەدان و پاراستنی گیانی سەکینە محمد ئاشتیانی تەمەن 43 ساڵ ودایکی دوو منداڵ کە لە لەلایەن رژێمی ئیسلامی کۆنەپەرستەوە بە تاوانی پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەری سزای بەردەبارانکردن و لە سێدارەدانی بەسەردا سەپاوە.**








**دوێنێ سەدەها ریکخراو وحیزب و دەستە وگروپ و کەسایەتی و دەزگاکانی راگەیاندن و مرۆڤە ئازادیخوازەکان، لە واشنگتۆن و ڤانکۆڤەرەوە تا تۆکیۆ و ئوستورالیا، هیند، بغداد، تورکیا، جۆرجیا، جەزائیر، کینیا، بەرازیل و زۆربەی ولاتانی ئەورپی کە تەنها لە ئەلمانیا لە 18شار و لە بەریتانیا لە 12 شار، مەیدان و ناوجەرگەی شارەکانیان کردە مەیدانی نیشاندانی رق وبیزاری و نارەزایەتی بەرەی مرۆڤایەتی سەراسەری دنیا دژ بە سزای بەردەباران و لە سێدارەدان، کە بەپێی یاسا دواکەوتوو و دژی ژنەکانی شەریعەتی ئیسلامی و دەوڵەتە سەرکوتگەر ودژە ئازادی و دیکتاتۆریەکانەوە لە بەرامبەر ژنان و خەلکدا بەرێوەدەبرێن و ئەنجامدەدرێن.**









**شاری لەندەنیش یەکێک لەو دەیان شارە بوو کە ئەم نارەزایەتیە جەماوەرییەی بەخۆیەوە بینی. دوێنێ کاتژمێر دووی دوانیوەرۆ لە مەیدانی ترافلگار سکویر کە ناوجەرگەی شاری لەندەنەو قەرەبالغترین جێگایەتی، کۆبوونەوە وخۆپیشاندانێکی نارەزایەتی لە لایەن کەمپینی 100 شار دژ بە بەردەباران و لە سێدارەدان و چەندین ریکخراو کۆروکۆمەڵ و هەڵسورای مەدەنی تر بەرێخرا. سەرەتا لە لایەن پاتی هەلسوراوی "یەک یاسای سکۆلار بۆ هەموان" دەستپێکردنی کۆبوونەوە نارەزایەتیەکە راگەیەنراو و سەبارەت بە نارەزایەتیەکەو دوایین هەواڵی دۆسیەی بەردەبارانکردنی سەکیەنە ئاشتیانی راپۆرتێکی کورتی پێشکەش کرد. پاشان لە لایەن بەهرام سروش لە ریکخەرانی کەمپینەکە بە زمانی**

ئینگلیزی قسەوباسیک سەبارەت بە سزای بەردەباران و لە سێدارەدان لە ژێر سایەی ڕژیمی ئیسلامی ئیران و ڕژێمە ئیسلامی و دیکتاتۆریەکانی تر پێشکەش کرا، هەروەها بەیاننامەی کەمپینەکەی خوێندەوە کە لە کۆتییەکەیدا ئەم داواکاریانەی تێدا هاتبوو:

1. ئازادکردنی دەستبەجێ و بێمەرجی سەکینە محمد ئاشتیانێ و هەموو ئەو کەسانەی کە بە بەردەبارانکردن سزا دراون.

2. قەدەغەکردن و هەڵوەشاندنەوەی سزای بەردەبارانکردن لە ئیران و هەموو شوێنێکی دنیا. وە داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین کە بە بریارێک سزای بەردەبارانکردن لە هەموو وولاتانی جیهاندا قەدەغە بکات.

3. دادگایکردنی جێبەجێکەرانی سزای بەردەباران جا هەر کەس و دەستە وگروپ و دەڵەتێک بن لە لایەن دادگایەکی نێو دەوڵەتییەوە.

4. بەرەسمیەت نەناسینی ڕژێمی ئیسلامی ئیران و دەرکردنی لە نێوەندە جیهانیەکاندا.








پاشان چەندین هەڵسوەراو و کەسی تر هەر سەبارەت بە بەردەباران و دۆسییەی سەکینە قسەوباس و وتەیان پێشکەشکرد، بە دوای ئەمەدا دوو جار نمایشی چۆنییەتی بەردەبارانکرنی ژنان بەپێی شەریعەتی ئیسلامی نمایش کرا، هەروەها چەندین شیعار دەوترانەوە لە چەشنی؛ "نا بۆ بەردەباران، نا بۆ لە سێدارەدان، سەکینە بپاریزن". دەیەها وێنەی سەکینە لە لە لایەن خەڵکەوە بەرزکرابوونەوە ، سەدەها بەیانامە بە زمانی ئینگلیزی لەناو جەماوەرکەدا بڵاوکرانەوە، سەدان کەس دەستە دەستە دەهاتن کۆمەکی مالیان دەکرد و وە ئیمزایی نارەزایەتیشیان دەدا لە پتێنشنی کەمپینەکەو لەسەر پارچە قوماشی سپی کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرابوون. ئەمەو دوای دوو کاتژمێر لە بەشداری چالاکانەی خەلک و ئەنجامدانی چەندین چالاکی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکە بە وتەی کۆتایی و دەستخۆشیکردن لە لایەن پاتییەوە کۆتایی پێهێنرا.

شایانی باسە کەمپینی دژ بە بەردەبارانکردن و لە سێدارەدانی سەکینە ئاشتیانی کە نزیک بە دوو مانگە دەستی پێکردوە ئەمرۆ بۆتە گەورەترین و جەماوەریترین و ئینسانیترین کەمپینی جیهانی کە سەدەها هەزار کەس لە سەراسەری جیهاندا بەشێوەی جۆراوجۆر بەشداری تێدا بکەن و نارەزایەتی خۆیان نیشانداوە بەرامبەر بە سزای بەربەری و قیزەونی بەردەباران و لەسێدارەدان. تا دوێنێ زیاتر لە یەک ملیۆن و سەد هەزار ئیمزای نارەزایەتی لە دژی بریاری بەردەبارانکردن و لەسێدارەدانی سەکینە ئاشتیانی لەسەراسەری وولاتانی جیهاندا کۆکراوەتەوە. دەیەها حیزب و ریکخراو و کەسایەتی و هەڵسوراوی مەدەنی و بوارەکانی مافی مرۆڤ و ژنان بەشدارایان تێدا کردوە و بونەتە هەلسوراوی. ئەمنستیی ئەنتەرناسیونال تا ئێستا چەندین راگەیاندنی نارەزایەتی وسەرکۆنەکردنی ڕژێمی ئیسلامی دەرکردەوە و چەندین چالاکی ئەنجامداوە. دەیان دەزگای راگەیاندنی گەورەی جیهانی و لۆکاڵی وەک بی بی سی و سی ئێن ئێن و فۆکس تیڤی و رۆژنامەکانی گاردیان و تایمز،.. راپۆرت و هەواڵ و چاوپێکەوتنیان لە بارەیەوە ئامادەکردوە و بڵاوکرۆتەوە. چەندین وڵات وەک ئەمریکا و بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا بریار و سزای بەردەبارانکردنی سەکینەیان سەرکۆنەکردوە. لە بەرازیل بەهۆی پەیوەندی حکومەت لەگەل ڕژێمی ئیسلامی ئیران دۆسیەی بەردەبارانکردنی سەکینە دەبێتە یەکێک لە مەسەلە گرنگەانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و سەرۆکی بەرازیل بەرەسمی داوا لە ڕژێمی ئیسلامی دەکات کە سەکینە ئاشتیانی وەک پەنابەر لە وڵاتەکەی قبوڵ دەکات، بەڵام لە لایەن ڕژێمی ئیرانەوە رەتدەکرێتەوە. لە فەرەنساش هەردوو سەرۆک کۆماری پێشوو جاک شیراک و والری ژیسکاردیس بەم کەمپینەوە پەیوەست بوون و سەرۆک

**کۆماری ئیستاش رایگەیاندوە کە "خەلکی فەرەنسا لەبەرامبەر گیانی سەکینەدا هەست بەبەرپرسیاریەتی دەکەن". وڵاتی سوید سەبارەت بە وەزعیەتی سەکینە ئاگاداری دەدا بە سەفارەی رژێمی ئیران. وەزارەتی دەوەوەی ئیتالیا رایگەیاندوە کە لە پێناو رزگارکردنی گیانی سەکینەدا لەهەوڵ و تێکۆشاندا دەبێت. هاوپەیمانی جیهانی دژی سزای لە سێدارەدان کە لە 105 وڵاتدا رکخراوی هەیە بەم کەمپینەوە پەیوەست بووە و داوای لە ریکخراوەکانی کردوە کە لە پێناو پاراستنی گیانی سەکینەدا چالاکی ئەنجام بدەن. شارەوانیەکانی زۆتگین لە بەلجیکا و پۆیتیڤیس لە فەرەنسا و فلۆرنس لە ئیتالیا لە هۆلێ شارەوانیدا کۆبونەوەی نارەزایەتیان ئەنجامداوە لە پێناو پاراستنی گیانی سەکینەدا و لە فلۆرنس بەدیواری شارەوانیدا وێنەیەکی گەورەی سەکینە هەڵواسراوە و لەسەری نوسراوە " فلۆرنس لە پەنای ئازادی ژناندایە".**

**ئەمە سەرەرای بەستنی چەندین کۆنفرانسی رۆژنامەگەری بۆ دەزگاکانی راگەیاندن سەبارەت بەم مەسەلەیە لە لەندەن و واشنگتن لە لایەن مینا ئەحەدی و مەریەم نەمازی و راگەیاندنی دوایین زانیاریەکان سەبارەت بە دۆسیەی سەکینەو کەمپین و چالاکییەکان بەمەبەستی رزگارکردن و پاراستنی گیانی سەکەینە.**

**تەنانەت خودی رژێمی ئیسلامی لە ژێر ئەم فشارە جیهانی و جەماوەریەدا چەندین جار لە دەزگاکانی راگەیاندنی سەداو سیما وە بەمەبەستی چەواشەکردنی رای گشتی و هەواڵەکان و خەلکی ئیران راپۆرت وبەرنامەیان سەبارەت بەم دۆسییە و نارەزایەتیە جیهانیەکان ئامادەکردوە و بڵاویان کردۆتەوە. هەروەها بەمەبەستی زەمینەسازکردن بۆ لە سێدارەدانی سەکینە بە زۆر و لە ژێرفشاری دەرونی و جەستەییدا سەکینە ئاشتاینی ناچار دەکەن کە لە چاوپێکەوتنێکدا لەسەر تەلەفیزیۆنی رژێمی ئیسلامی دان بەتاوانەکانیدا بنێت.**

**ئەمرۆ ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە جیهانییە نیشانی دا کە جەماوەری ئازادیخواز و ئینسانی و مۆدێرنی جیهان، رق وبێزاری و نارەزایەتیان دژ بە سزای بەردەبارانکردن و لە سێدارەدان چەندە قوڵ و جیهانییە. نیشانیان دا کە وا بائاسانی ئەم بەربەریەتە قبوڵ ناکەن و بە خەبات ونارەزایەتی و دەربرینی هاوپشتی جیهانیان هەوڵ دەدەن بەر بگرن بەم تاوانە درندە و قێزەوننانە کە بەرامبەر بە ژنان و بەشەریەتی ئەم سەردەمە ئەنجام دەدرێت لە لایەن بەرەی کۆنەپەرست و سەرکوتگەرو دژی ئازادی و مافەکانی مرۆڤەوە.**

2010/08/29